----------------------------------------------------------------

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە** ( 9 ) **ساڵی** 2014

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12 )ی ساڵی 2007 ، بڕیارماندا بە : -**

- **هێنانەکایەی (استحداث)ی بەشی خزمەتگوزاری یەك دەروازە (قسم خدمات النافذة الواحدة) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆك / بەڕێوەبەرایەتی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی دهۆك بۆ سەرپەرشتی و ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەشی ناوبراو.**
- **ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/26 .**

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 ، بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە** ( 120 ) **ساڵی** 2014

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ) لە گوندی چاڵاوانی سەر بە ناحیەی سورداش لە قەزای دوکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/11.**

**بەیانی ژمارە** ( 121 ) **ساڵی** 2014

- **کردنەوەی (هۆبەی خۆیەتی) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/11.**

**بەیانی ژمارە** ( 122 ) **ساڵی** 2014

- **گۆڕینی ناوی ( بنکەی تەندروستی باباگوڕگوڕ) بۆ ( مەڵبەندی تەندروستی باباگوڕگوڕ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/11/11.**